وەزیری پێشمەرگە و کونسوڵی نوێی بەریتانیا تاوتوێی ئاسایشی و ئارامی ناوچەکە ئاڵنگارییەکانی بەردەم چاکسازی پێشمەرگەیان کرد

ئەمڕۆ دووشەممە،شەش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگە پێشوازیکرد لە جەیمس گەدمان، کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان.

نوسینگەی راگەیاندنی وەزیری پێشمەرگە رایگەیاند:- هەردوو لا تاوتوێی ئاسایشی و ئارامی ناوچەکە ئاڵنگارییەکانی بەردەم چاکسازی پێشمەرگە،و پەیوەندیەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و بەرگری عێراق کرد.

ئاماژەی بۆکرد لەکۆبونەوەیەکدا، کە لیوا ئوکن/ محمد سعید، بەڕێوەبەری هەماهەنگی و پەیوەندیەکان ئامادەیبوو، وەزیری پێشمەرگە، پیرۆزبایی دەست بەکاربوونی لە کونسوڵی نوێی بەریتانیا لەهەولێر کرد، هاوکات هەردوولا دەسیەی چاکساری پێشمەرگە و دواین پەرەسەندن و پێشکەوتنەکانی ئەو پەسەیان تاوتوێکرد.

کونسوڵی نوێی بەریتانیا لە هەولێر، وەک ستایشی پڕۆژە جۆبجۆکراوەکانی چاکسازی پێشمەرگە، تیشکی خستەسەر ئاڵنگاری و لەمپەرەکانی بەردەم پڕۆژە جۆر بجۆرەکانی چاکسازی. بە ئەمەش وەزیری پێشمەرگە رونیکردەوە: دەخی ئێستا لەهەموو کات زیاتر پێویستی بەخێکخستنەوەی زیاتر هەیە، لە پێناو پاراستنی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە.